کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 24-1-2007 19:47

## ڕەخنەو ماستاوو ڕۆژنامەی ئازاد ... مەحەمەد سیاسی ئەشکەنەیی



ناوێرین ڕەخنە بگرین نە ماستاوو بکەین نە بە ئازادی بنووسین، تاکو ئەو مومارەسەیە بەسەرکەوتوویی بگوێزینەوە بۆ ناو کۆمەڵگا، کاتی کە ڕەخنەمان گرت ڕەخنەکان بنیات نەریش بوون، تاکو چاکسازی و نوێبوونەوەو لێپرسینەوە بکری بۆ خزمەتکردنی دەسەڵات و حکومەت و گەل، کەچی هەندی ڕۆژنامەی ئازاد بڵاوی ناکەنەوەو خۆیانی لی دەبوێرن، کاتێکیش کە دەبینین شتێك زۆر بایەخی پی نادری ئەوان بە مانشێتی گەورە بڵاوی دەکەنەوەو پەرو باڵی وی دەدەن و گەورەی دەکەن، جا نازانین تاچەند بەهەند وەردەگیری، کە دەشمانەوی باسی هەندی کارو چالاکی و پرۆژەو بکەین کە هەندی بەرپرس بە ئەنجامی دەگەیەنن تا جەماوەر بزانی ئەوانە بە فیعلی خزمەتی کۆمەڵگاکەیان دەکەن، کەچی لە ڕۆژنامەی ئازاددا ئەوەش پشتگوی دەخری وەکو پێویست ناهێڵری ڕوپەری ڕۆژنامە ببینی و بڵاو ببێتەوە، ئەوەندەی ئێمەی کورد باس لە ئازادی و فرە مینبەری دەکەین بە قسە هیچی تیادا ناهێڵینەوە کە بۆ ئەم مەبەستە چەندین ڕۆژنامەی ئازادوو سەربەخۆمان هەیە هەریەکەیان سیاسەتێکی جیا پەیرەو دەکەن بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکان و باس کردن لە دیاردەکان، بەڵام پشتگوی خستنی بابەتی هەندی ڕۆژنامەنووس بەرچاوو دەکەوی و بابەتەکانیان بڵاو نابنەوە لە کاتێکدا هەموو ڕۆژنامە ئازادو سەربەخۆکان ناوێکی گەورەو شارێکی وێرانیان هەڵگرتووە، بەڵام کە دێتە سەر نوسین و بڵاو کردنەوەو وتنی ڕاستییەکان، لە هەندی شت خۆیان دەبوێرن و ناهێڵن هەندی نوسین بچێتە سەر لاپەرەکانی ڕۆژنامەکەیان، چونکە ئەترسن منحەکەیان بوەستی و ڕابگیری، بۆیە ناکری گلەییان لی بکری، چونکە ئەوانیش پێویستیان بە هەناسەیەو ژیانەو بەردەوام بوونە، مرۆڤیش ناتوانی بی هەناسە هەڵ بکات گەر نان و ئاوی یشی هەبی ئیتر کۆتایی بە ژیانی دی، ڕۆژنامەی ئازادیش گەر پشتگیریی و پشتێکی نەبوو پشتی لەئەرز ئەدات و ناتوانی بەردەوام بی لە دەرچوون، بۆیە لەسەرێك گلەییان لی دەکەم و لەسەرێکیش دەسەڵات تاوانبارە کە دەستی خستۆتە بینە قاقای هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە ئازادەکان و هەریەکەیان بە شێوەیەك، کاتی باس لە ڕۆژنامەی ئازاد ئەکری هەموویان ئازادن بەڵام لە ژێرەوە بەڕویەك و دیدگایەك خۆیان نمایش دەکەن، کە بە دوو پێوانەی جیاواز کار دەکەن، لەلایەك ستایش دەکەن و لەلایەك ڕەخنە ئەگرن، بەڵام ڕەخنەکانیان لەو ڕەخنانە نیە کە هەڵبسەنگێندری، چونکە ڕەخنەی بەرچاوی خۆیانن و خۆیان ئەو ڕاستیانە دەزانن و خۆی لی لائەدەن، ئەمەش نابێتە ڕەخنە کەمن ڕەخنەی خۆم بزانم چاکی نەکەم تۆش بۆم دووبارە بکەیتەوە، چاك وایە سیاسەتێك ئەرکێك بۆ چاکسازی باس بکری تا جەماوەر خۆی حەکەم بیو بێتە ناو مەسەلەکانەوە، کە ئەم وڵاتەی ئێمە ئەڵی ی شامی شەریفە زۆربەی بەرپرسان ڕۆژنامە ناخوێننەوە و گرنگی پێنادەن کە بەقەد دوژمنێکی سەرەکی لێی دەترسن، چونکە دروستکردنی سۆپەرمارکێت و کۆبونەوەی کاتی دەوام و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مامەڵەی بازرگانی و میوانی تایبەت و ناهێڵی بەرپرسەکان سەرقاڵ بن بە خوێندنەوە و خۆ رۆشنبیرکردن و بەئاگابوون لەبینینی هەواڵەکانی رۆژانەی رۆژنامەکان رەخنەکان و ماستاوەکانیش دەخرێنە سەر رۆژنامەو کۆن دەبن وناخوێندرێنەوە و نوسەرو رۆژنامەنووسەکانیش رۆژانە بە بابەتەکانیان هەلا دەڵێن و ئەگەر چاکسازیەك کرا یان بەرپرسێك لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا ئەوا ئەڵێن هۆکاری بڵاو بونەوەی ئەو بابەتە بوو دەنا حکومەت لە گوێی گادا بوو، کەلە ئەساسیشدا وانیەو نوسین و بڵاو کردنەوە لەم وڵاتەدا هیچ سوودی نیە رەخنەبی یان ماستاو، چونکە ئێستاش سی هێلکە بە دینارێکە لای هەندی بەرپرس کەنازانی مرۆڤ چەند گەورەیە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.